میوانانی بەڕێز و دۆستانی ئازیزی بەشدار لە مەراسمی یادی، هاوڕێی خۆشەویستمان مونیرەی مفتیزادە، لە لایەن پرۆژەی ژنی کوردەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم.

پێشەکی پێویستە پێتان راگەیەنم کە؛ مونیرە خۆی داوای لە بنەماڵەکەی کردبو، هیچ رێو رەسمێکی بۆ نەگرن و تەنانەت وەسیەتی کردبو کە تەنها خوشک و براکانی و کەسانی  دەرەجە یەکی بنەماڵەی لە مەراسمی "فیونراڵی"دا بەشداربن.

بەڵام ئێمە هاورێیان و دوستانی زۆر نزیکی مونیرەی خۆشەویست، لە رێکخراوی پرۆژەی ژنی کورد، بە ئەرکی سەر شانی خۆمانمان زانی کە، یادی ئەو خۆشەویستە تاقانەیەمان بەرز راگرین و لە حەدی تەوانماندا، وە لە مەراسمێکی شایستەدا رێزی لێ بگرین. کە وابو ئەم مەراسمە لە لایەن پرۆژەی ژنی کوردەوە بە رێوەدەچێ و سپاس بۆ پێشوازیتان.

ـ بۆ قسە کردن سەبارەت بە مونیرەی خۆشەویست ئەبێ بگەرێمەوە بۆ 19 ساڵ لەمەو پێش، کاتێ، بۆ یەکەم جار مونیرەمان بینی و یەکمان ناسیو لە واقیعدا یەکترمان دۆزیەوە.

سەرەتای ساڵی 1998 ئێمە کۆمەڵێک لە ژنانی کوردی رۆژهەڵات (چالاکانی بواری مافی یەکسانی ژن و پیاو) کە لە رێکخراوێکدا بە ناوی " جەمعیەتی ژنانی کورد لە لەندەن ئیشمان ئەکرد، کۆڕێکمان رێکخستبو بۆ وتو وێژ لە سەر " چۆنیەتی روبەرو بونەوەی ژنانی کورد لە بەرابەرستەم و هەلاواردن و بێ مافی داسەپاو بە سەر ژنانی کورد لە کۆمەڵگای پیاو سالاری کوردەواریدا". مەبەستمان لە پێکهێنانی ئەو کۆرەش، ناساندنی رێکخراوەکەمان بە کوردانی دانیشتوی لەندەن و هەروەها، دیتنەوەی ژنانی  کوردی هەلسورای بواری مافی یەکسانی ژن و پیاو و دەعوەتیان بۆ هاوکاری لە گەڵ رێکخراوەکەمان بو.

دوای تەواو بونی کۆرەکە، خانمێکی مەتینی سەر و رو خۆش و زۆر لە دڵ نزیک، بەرەو رووومان هات. بە بزەیەکی شیرین لە سەر لێوان، لە پێشدا دەس خۆشی پرۆگرامەکەی لێمان کرد، ئینجا خۆی ناساند و وتی؛ من مونیرە مفتیزادەم، لێرە لە لەندەن دەژیم. . . .

بە بیستنی ناوی، مەلی خەیاڵ، یەکسەر فڕی بۆ رابردو، بۆ ساڵانی دانشجوییم، لە زانکۆی تاران، سیمای مامۆستای زمانی کوردیمان، بەرێز مامۆستا سدیقی مفتیزادەم هاتەوە یاد. . . .

بە خۆشحالیەوە پرسیم، تۆ کچی دوکتور مفتیزادەی؟ ئەو مامۆستای زمانی کوردیمان بوو. بە گەشانەوەی روخسار و درەوشانەوەی چاوەکانی بۆم دەرکەوت، پرسیارەکەم بۆتە مایەی خۆشحالی. بە پێکەنینەوە وڵامی دامەوە؛ بەڵێ هەوم. وتم یادی باوکت بەخێر، ئەو کاتەی مامۆستامان بو، هەر بە هیوا بو، بە یەکمان بناسێنێ، بەڵام ئەو کات هەر رێ نەکەوت. ئێستا بە داخەوە باوکت نەماوە کە ببینێ دوای 20 ساڵ هیواکەی نەک لە تاران، بەڵکو لە لەندەن بە دیهات و من و تۆ سەرئەنجام لە تاراوگە، یەکمان گرت.

ئەمجار یەکترمان لە باوەش گرت و فرمێسک زایە چاوی هەر دووکمان. لە لایەک حەسرەتی جێگای خاڵی باوک و مامۆستای بەرێزمان و لە لایەک فرمێسکی خۆشی دیتنی یەک و ئەو دیدارە چاوەروان نەکراوە.

بەدوای ئەم لە ئامێزگرتنەدا، مونیرە روی کردە جەمعەکەمانو وتی؛ منیش ساڵانێکە بە شوێن گروپێکی وەک ئێوەدا دەگەرێم و ئەوا ئەمشەو بەم ئاواتەم گەیشتم.

ـ هاوکاری ئێمە و چیرۆکی ئێمە و مونیرە لێرەوە دەسی پێکرد. دوای چەن جار چاو پێکەوتن و گفت و گۆ لە سەر هۆکاری ئەم هەمو ستەم و هەڵاواردن و بێمافیەی کە بە سەرژنانی کۆمەڵگای ئێمەدا سەپاوەو، چ کەردەن بۆ گۆرینی ئەم وەزعە ناهەموارە؟ بۆمان دەرکەوت کە چەندە لەو بوارەدا شارەزاو لێزان و بە توانایە. زۆر زو زانیمان کە گەنجینەیەکمان دۆزیوەتەوەو، کەسێکی مودیر و بە تەواوی شایستەیە بۆ بە دەستەوە گرتنی رێبەری ریکخراوەکەمان.

ـ دەغدەغەی خزمەت بە خەڵکی ستەم لێکراو، بە تایبەت ژنان، بە ئیزافەی هاوشاری بون و ئەوەش کە یادگاری مامۆستایەکی رێزدارم بو، ئەو هۆیانە بون، کە پێوەندێکی بە هێزی فکری و مەعنەوی لە نیوانماندا پێکهێنا. بۆیە رۆژ لەگەڵ رۆژ لە یەک نزیکتر ئەبوینەوە. هەڵبەت مونیرە لە گەڵ هەمو هاورێیان هەر نزیک بوو، خەمخۆری هەر هەمومان بوو. ئەگەر موشکلێک بۆ هاورێیەکمان پێش بهاتایە، سەرەڕای گرفتاری شەخسی و ئەرکی زۆری سەر شانی خۆی، کە زوربەمان ئاگادارین، بە هانای رەفیقەکەیەوە دەهات. مونیر وابو. . . .

ـ ئیش کردنی مونیرە وەکو یەکەم ژنی "کەیس وڕکڕ" لە رێکخراوی "ئەسایلم ئەید"، لە لەندەن لە گەڵ ژنانی پەنابەر، ئەوی کرد بە یارمەتی دەرێکی گەورە بۆئەو ژنانە و هەر وەها بۆ رێکخراوەکەی ئێمەش. مونیرە لە زانکۆی تاران لە رشتەی ئەدەبیاتی ئینگلیسی مەدرەکی فەوقی لیسانسی وەرگرت. شارەزایی ئاکادمیک بە زمانی ئینگلیسی و شارەزایی بە ئەدبیاتی زمانی کوردیش، سەر چاوەیەکی گرێنگ بون بۆ بردنەسەری رادەی زانست و تواناییەکانی ئەو ئازیزەمان، چ لە کاتی بەرگری لە مافی ژنانی پەنابەر و چ لە کاتی بەشداری لە کۆنفرانسە نێو دەولەتیەکانو، چ لە کۆڕ و کۆبونەوە کوردیەکان بۆ بەرگری کردن لە مافی یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاوان.

مونیرە وەکو لیدری پرۆژەی ژنی کورد، بۆ ناساندنی ستەم و هەڵاواردن و بێ مافی ژنانی کورد، وە بۆ رزگاری کۆمەڵگای کوردی لە ژێر باری فەرهەنگی پیاو سالاری و خورافەی مەزهەبی کە بە درێژایی مێژو ئەبزاری مانەوەو بەقای ئەو ستەمە بون بە دەس دەسەڵاتدارانەوە، بە هەمو توانایەوە تێدەکۆشا. هەر وەها بۆ نوسینی دەستوری رێکخراوەکەمان، بە ورد بینێکی زۆرەوە، رۆڵی بەر چاوی گێرا و ئەم ئەرکەشی سەر کەوتوانە بە ئەنجام گەیاند.

ـ ئێمە و مونیرە بۆ بەشداری لە کۆر و کۆنفرانس و رێ پێوانی نێودەولەتیو شتی لەو چەشنە، زۆر جار هاو سەفەر بوین. مەسەلێکی مەشهورە دەڵێ: ئەگەر دەتەوێ کەسێک بناسی؟ یان لە گەڵی سەفەر بکە، یان کاری هاو بەش. لە هەر دوو بواردا لە گەڵی بوین. بە عەمەل بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئینسانە تا چ

رادەیەک خۆنەویست و فیداکار و دور لە تەزاهورو بە سەبر و حەوسەڵەیە. ئاسایش و راحەتی هاورێکانی هەمیشە بۆ ئەو لە ئەولەوییەت دابو.

مونیرە؛ بە فکر و بە کردوەش، تێکۆشەرێکی ماندویی نەناسی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بو، بۆ بەدیهێنانی ئازادی و دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو، هاوکات لە گەڵ ئەوەش، هەڵسوراوێکی کەم وێنەێ خەباتی ژنان بۆ نەمانی ستەم و هەڵاواردن لە سەر ژنان و چالاکی خەباتی ژنانی کورد بۆ سەلماندنی یەکسانی ژن و پیاو لە هەمو بوارەکانی مەربوت بە ژیانی کۆمەڵگادا بوو.

ـ مونیرە زیاتر لە سێ ساڵی ژیانی بە بەهرەی خۆی، لە گەڵ دوو هاورێی دیکەی "شنە هدایەتی و مهاباد قەرەداغی" بۆ نوسینی "داخوازی نامەی ژنی کورد" تەرخان کردو بۆ بە سەمەر گەیاندنی ئەو ئەرکە، زۆری سەفەری ئەم وڵات و ئەو وڵات و لەوانە باشوور و باکووری کوردستانیش کرد. ئەم پرۆژەیە پێویستی بە مەعلوماتی زۆر بە تایبەت ئەسنادی داکیومێنتری هەبو. مونیرە کە مرۆڤێکی ئاشتیخواز و بە تەحەمول و بە مودارا بو، دەیتوانی بە لە سەرە خۆیی لە گەڵ هەمو کەس وتو ویژ بکا و بە نەرم و نیانی، گرنگی و حەقانیەتی داخوازیەکان بسەلمێنێ. سەرئەنجام بە هاوکاری لە گەڵ چەن هاورێی دیکە، لە ژنانی تێکۆشەری کورد، کە لە وڵاتانیتر دەژیان، ئەم داخوازی نامەیەیان نوسینیو مونیرە و هاوکارەکانی لە پارلمانی ئینگلیس و دواتر لە پارلمانی هەرێمی کوردستانیش تەقدیم بە پارلمانیان کرد. ناوی مونیرە لە سەر ئەو سەندە بۆ هەمیشە مایەوە و، ئەمەش بو بە شانازیەکی دیکە بۆ ئەو تێکۆشەرە. دوو ساڵ پاش راگەیاندنی "داخوازینامەی ژنی کورد" لە لایەن رێکخراوی پڕۆژەی ژنی کوردەوە، لە سەر داوای هاورێمان مونیرە، ئێمە ـ رێکخراوی ژنانی کورد لە لەندەن ـ کە خۆی بەرپرسی بوو، ناوی رێکخراوەمان گۆڕیو لە ژێر ناوی ـ پروژەی ژنی کورد ـ درێژەمان بە چالاکیەکانمانداوە.

ـ منیرە ئینسانێکی نیەت پاک و خۆش قەلب بوو. بە هەمو توانایەوە دژی ریا و تەزویر و درۆو دوو رویی و دەغەلی بوو. زۆر توڕە بوو لەوانەی سیاسەت بۆیان بۆتە پیشە و، تیجارەتی پێوە دەکەن. ئەو دژی ناپاکی و گەندەڵی مالی و

فەسادی ئەخلاقی و هەلپەرستی بوو. دەتوانم بڵێم مونیرە تا رادەیەکی بەر چاو ئینسانێکی پەرفێکت بوو. خۆزگە نمونەی زۆر بایە.

ـ لە بەر ئەوەی ئێمەی هاورێیانی کەمتر بۆی نارەحەت بین، خەمەکان و ئێش و ئازارەکانی لێمان شاردەوە. ئەو خەفەتانە لە دەرونیدا بون بە زوخاوو بە داخەوە سەرئەنجام توشی شێرپەنجەیان کرد. مونیرە پێی خۆش نەبو لەو وەزعەدا بیبینین. شایەد ویستویە هەر تەسویرە شاداب و لێوە بە پێکەنیەکەی لە زەین و بیرماندا بمێنێ. ئاخر ئازیزەکەم بۆ نەتهێشت لە رۆژانی سەختی دەسە و یەخە بون لەگەڵ ئەم ئازارە تاقەت پڕوکێنەدا لە دەورت بین؟ ئاخر تۆ نزیک 20 ساڵ خەم رەوێنی خەمەکانمان بویو بۆ تالی و سوێری ژیانمان سوکنایی بوی. مونیر گیان! ئەو کاتانەی ئێمە پێویستمان بە تۆ بوو، تۆ بیسەر و تەسکیندەر و تیمار کەری زامەکانمان بوی. لێت ناشارمەوە، مەحروم بون لە دیدارت لەم مانگانەی ئاخری ژیانت، لە سەر دڵمان هەر گرێیە.

یادی ئازیزت، خۆشەویستەکەم، مونیر گیان بەرز و بەرێز بێت. خۆشەویستیەکەت، ئامۆشگاریەکانت، هەست بە مەسئولیەت کردن و سەمیمیەتو دڵسۆزیەکانت بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندوە.

16 جولای 2017